بەرگری شارستانیەتی هەولێر: ئاگرەکەی بازاری لەنگەی هەولێر زیانی ماددی زۆری لێکەوتووتەوە

بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر راگەیاند ئەو ئاگرەی کە لە بازاری لەنگەی شاری هەولێر کەتووتەوە تائێستا هیچ زیانی گیانی نییە بەڵام زیانی ماددی زۆری هەیە.

کاروان میراودەلی وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر لە لێدوانێکی ڤیژنامەوانیدا رایگەیاند:- کە بەرگری شارستانی کار دەکات بە کوژاندنەوەی ئاگرەکە کە ئێواری ئەمڕۆ سە شەممە لەبازاری لەنگەی کەتووتەوە لەنزیکی شەقامی سەد مەتری، هەروەها رووونیکردەوە کەتائێستا خۆشبەختانە هیچ زیانی گیانی نەبووە بەڵام زیانی ماددەی زۆری هەیە.

میراودەلی وتیشی: بڕوبڕی بەرگری شارستانی و پارێزگاری هەولێر لەسەر هێلن و ئاگاداری روداوی ئاگرکەوتنەوەکەن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە زیانی گیانی نەبێت، چونکە دەتوانرێت کێلوپێلەکان رزگار بکرێن و ئێگەری هەیە ٪75ی کەرەستەکان رزگاربکرێن.